# لەتیف فاتیح فەرەج: رۆژنامەی تەجەدود و رۆژنامەی کەرکوک ،کە لەکەرکوک دەردەچوون هیجیری دەدە وپیرەمێردو و ئەسیری نوسینیان تێدا بڵاو دەکردەوە



لەتیف فاتیح فەرەج

**زەنگ– کەرکوک– هەڵۆ جەباری:**

رۆژنامە بریتیە لە کۆمەڵێک لاپەڕەی چاپکراوی هەواڵی سیاسی و ئابوری و زانیاری و وەرزشی و هونەری و ریپۆرتاژی تێدا بڵاو دەبێتەوە، رۆژانەش یا هەفتانە لە کتێبخانەو سەر شەقامەکاندا دەفرۆشرێت، دیارە رۆژنامە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی پەرەپێدانی راگەیاندن ، بۆیە گەلی کورد خاوەنی مێژویەکی دیارو بەرچاوە لەناوچەکەدا، لە ساڵی ١٨٩٨ دا لەوڵاتی میسر شاری قاهیرە لە ٢٢ی نیسان لەسەر دە ستی (مقداد مدحت بدرخان) بەناوی کوردستان لە تاراوگە لە ساڵی ناوبراودا لە دایک دەبێت ٣ هەزار رۆژنامە دەنێرێت بۆ کوردستان، لە هەمان کاتدا شاری کەرکوکیش خاوەن مێژووی رۆژنامەی خۆیەتی .

لەتیف فاتیح فەرەج بەرپرسی سەندیکای رۆژنامە نوسانی کوردستان لقی کەرکوک وتی:" سەرەتا باسی ئەوە ئەکەم کە یەکەم چاپخانە لە ساڵی ١٨٧٩ لەسەر دەستی فەیزی پاشادا لەکاتی عوسمانیەکاندا هاتوتە کوردستان و لەکەرکوک دانراوە کە ئەو کاتە شارەکە سەر بە شارەزوور بووە ، دواتر ئەو چاپخانەیە لەسەر دەستی تەحسین پاشا گوازراوەتەوە بۆ شاری موسڵ دواتر لەسەر و بەندی ساڵی ١٩٠٩ چاپخانەیەکی تر هاتوەتە شارەکە کە مەحەمەد عەونەڵای کازمی موتە سەریفی بووە، چەندین رۆژنامەو گۆڤاری پێچاپکراو دواتر گوازراوەتەوە بۆ شاری بەغداد“.

لەتیف فاتیح فەرەج ئاماژەی بۆ ئەوەکرد لە ساڵی ١٩١١ ئەحمەد مەدەنی رۆژنامە نووس لەوڵاتی بەلجیکا وە چاپخانەی (حەوادس) ی هێنایە کەرکوک و لە ساڵی ١٩٢٦ چاپخانەی شارەوانی کەرکوک دامەزرا ، دوای ئەوەش چەندین چاپخانە لە شارەکە دامەزراوە وەک (نەینەوا، تەتویج ، تەرەقی ، هیلال ،کۆماری ،شماڵ ،شمار ، عەسری) هتد .

بە هۆی هێنانی ئەو چاپخانانە بۆ شاری کەرکوک، بە تایبەتی چاپخانەی ( سەنایع ) لەساڵی ١٩٠٩ رۆژنامەی دیوار بەندی زورناڵ بە زبانی تورکی بڵاو کراوەتەوە دواجار هەریەک لە رۆژنامەی حەوادس لە ٢٤ شوباتی ١٩١١ و لە ساڵی ١٩١٣ گۆڤاری (مەعاریف) کە بە شێوەیەکی کۆپی بووە لە سەردەستی قودسی زادە دوای ئەویش رۆژنامەی نەجمە بڵاو کرایەوە لە ١٥ کانونی یەکەم ١٩١٨ کە هیجری دەدە کاکە و رەفیق حیلمی کاریان تێدا کردووە

وتیشی:" رۆژنامەی تەجەدود و رۆژنامەی کەرکوک کە یەکەم ژمارەی لەرۆژی هەینی ١٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٦ و لە ١٩٣٠ بەدواوە بووە چل لاپەڕە سەرەتا دوو لاپەڕە بووە دواتر چوار لاپەڕەی کوردی هەبووە ،هیجیری دەدا و پیرە مێردو و ئەسیری نوسینیان تێدا بڵاو کردۆتەوە".

سەبارەت بە قۆناغە گەشەکانی رۆژنامەی کوردی لە کەرکوکدا بەچەند قۆناغدا تێپەڕیوە لەتیف فاتیح وتیشی:" دیارە رۆژنامە گەری کوردی قۆناغی رەشت و قۆناغی گەشی هەیە قۆناغە گەشەکان بریتین لە قۆناغی ئیش و سەربەرویی دوایی شۆرش ١٩٥٨ کە چەندین رۆژنامە و گۆڤارو بڵاوکراوەی تێدا بڵاو بووەتەوە وەک گۆڤاری شەفەق لە ١٥ ی کانونی دەردەکەوت لەساڵی ١٩٥٨ کە گۆڤارێکی ئەدەبی زانستی کۆمەلایەتی بوو و رۆژنامەی ئازادی لە یەکی ئایار ساڵی ١٩٥٩ کە زمان حاڵی حیزبی شیوعی کوردستان بووە، هەروەها رۆژنامەی رای گەل کە ئۆرگانی و زمان حاڵی پارتی نیشتمانی دیموکرات بووە لە ٦ ئەیلول ساڵی ١٩٥٩ یەکەم ژمارەی دەرچوو ، دوای ئەوە گۆڤاری تەلیعە کە ساڵی ١٩٦٠ بە هەرسێ زمانی کوردی، عەرەبی، تورکمانی بڵاوکراوەتەوە" .

باسی لەوەکرد قۆناغە رەشەکان بریتین لەو قۆناغانەی کە دووژمن بە تەواوی دەرگاکانی داخستووە.

وتیشی:" قۆناغێکی تری گەشی رۆژنامە ، قۆناغی رێکەوتنامەیەلە ١٩١٨ و لەساڵی ١٩٧٢ گۆڤاری ئاڵای سوری سەر بە کۆمەڵەی مارکس لینین بوو لە گەڕەکی ئازادی کەرکوک دەردەچوو و لە هەمان ساڵدا گۆڤاری گزنگ لە نیسانی ١٩٧٢ دەردەچوو".

سەبارەت بەوەی قۆناغی دوای رژێمی بەعس چ گۆرانکاریەکی بەخۆیەوە بینی وتی:"دەبێ بڵێین لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستان لە شارە جیا جیاکانی کوردستاندا بە تایبەت شاری هەولێرو سلێمانی شارۆچکەکانی تر ، رۆژنامەنوسانی کەرکوک رۆژنامەو گۆڤاری خۆیان دەرکرد وەک ( گۆڤاری لە کەلار ، ئاران لە چەمچەماڵ، حەمرین لە دەربەندیخان ، بڵێسەی بابا گوڕ گوڕ ، گۆڤاری بابا گوڕ گوڕ، گۆڤاری پرۆژە ، هاواری کەرکوک ،گۆڤاری کەرکوک ،گۆڤاری ئەنفال، روناکی ، سۆراغ، چارەنوس وهتد... ، بەلام دوای پرۆسەی ئازادی عێراق بەتایبەت شاری کەرکوک لە دوای ١٠–٤–٢٠٠٣ رۆژنامە نوسانی کەرکوک لە شاری کەرکوک کۆنفراسێکیان بەست ، ئەوە بوو سێ چاپ بۆ بڵاوکردنەوە لە دوای کۆنفراسەکە دەستیان بەبڵاو کردنەوە کرد ئەویش (رۆژنامەی باسەرە ،کەرکوکی ئەمڕۆ ، هەواڵ) بوو دواتر دەزگای خەندان کە رۆژنامەی ئاسۆی لەکەرکوک دەرکرد".

ئەو بەرپرسەی سەندیکای رۆژنامە نوسانی کوردستان لقی کەرکوک ئاماژەی بۆ ئەوەکرد ئێستارۆژنامە و گۆڤارەکان لە کەرکوک بەرەو زیادبوون دەچێت بە هەموو زمانەکانی نەتەوەیی شارەکە بڵاو دەکرێتەوە و هەموویشی خوێنەری خۆی هەیە.

www.venusfaiq.com



## نامەکانی ژنێکی دوور

نامەی ژمارە ٥١

**لە هۆڵەنداوە ڤینۆس فایەق بۆ زەنگ دەینووسێت**

# بۆچی دەبێت دەنگ بدەین؟

کە هەڵبژاردنەکانی عێراق لەئارادابوو، بەتەنها بیرمان لەوە دەکردەوە چۆن کورد پێگەی خۆی لەبەغدا قایم بکات، هەموو بەبێ هیچ جیاوازیەک، بەبێ هیچ وردکردنەوەیەک بەتەنها بیرمان لەوە دەکردەوە بچین دەنگ بە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بدەین، گرنگ ئەوەبوو دوای ئەوەی لەسەردەمی سەددام حسێندا کورد بە (متمرد) واتا هەڵگەڕاوە تاوانبار دەکرا، رژێمەکە هەوڵی سەختی خستبووە گەڕ بۆ تەعریبکردن و تەبعیسکردنی خەڵکی کوردستان ، ئەوەبوو سوپایەکی لەجاش و خۆفرۆش دروست کردبوو، لەپێناو سڕینەوەی نسانامە و خەسڵەتە راستەقینەکانی گەلی کورد، ، هەموو مافە نەتەوەیی و کەلتووری و سیاسیەکی لەنەتەوەی کورد زەوتکردبوو. بهرد کورد لە عێراقدا یان وەکوو هاوڵاتی پلە دوو و سێ سەیربکرێت، یان وەکوو جاش و خۆفرۆشی میللەتەکەی. بۆیە دوای نەمانی سەددام حسین و دوای ئەوەی کورد بە هێزەوە داوای بەشداریکردنی پرۆسەی سیاسی ناو عێراقیدا کرد، خەڵک بەحەماسێکی بێوێنە و دانەبڕاوەوە بەرەو سنوقەکانی دەنگدان بەڕێکەوتن.

لەواقیعی ئەزمونی تایبەتی خۆمەوە لەهەردوو هەڵبژاردنەکەی عێراقدا وەکوو ئەندامی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هۆڵەندا، ئەتوانم بڵێم هەموو ئەوانەشی وتبویان دەنگ نادەین رۆژی هەڵبژاردن هەستێکی جیاواز هەڵیگرتن و بەرەو سنوقەکانی دەنگدان بەڕێکەوتن، چونکە هەموو وێنەی بەسوک سەیرکردنی میللەتی کورد لەلایەن رژێمی سەدامەوە لەبەرچاو مابوو، دەمانویست ئەو وێنەیە بگۆڕین و نەک بە عێراقیەکان، بەڵکوو بەهەموو جیهان بڵێین ئەوەتا ئێمە میللەتێکی شارستانین و دەمانەوێت بەشداری پرۆسەی سیاسی بونیادنەر لە عێراقدا بکەین. مەسەلەکە زیاتر قاڵبێکی نەتەوەیی و هێنانەوە مایەی کەسایەتی تاکی کورد و گێڕانەوەی هەموو بەها نەتەوەیی و نرخی مرۆڤایەتی مرۆڤی کورد لەبەردەم ویژدانی عەرەبیدا بۆ ناو سیاقە ئینسانی و ئەخلاقیەکەی بوو.

دوای ئەوەی عەرەب حاکم و کورد مەحکوم بوو، عەرەب سەردار و کورد ژێردەستە و عەرەب چەوسێنەرەوە و کورد چەوساوە بوو، عەرەب بکەری سیاسی و کورد کارلێکراو زوڵملێکراوبوو، میللەتی کورد توانی بەپشتیوانی هێزە گەورەکانی جیهان و بەپشتیوانی میللەتەکەی خۆی ببێتە شەریک و هاوبەش و بەشداری سەرەکی لە ژیان و پرۆسە و بڕیاری سیاسی لە عێراقدا. ئەمە دەسکەوتێکی زۆر گەورەبوو کە فەلەسەفەیەکی گەورەی بە میللەتی کورد بەخشی لەسەر هەموو ئاستەکان، بەتایبەت وەکوو ئینسان و وەکوو کیانێکی تەواو کە توانای ئەوەی هەیە بەڕێوەبەر وبڕیاردەر بێت.

لەپاڵ ئەم ئەزمونەشدا ئەزمونێکی تر هەبوو کە کورد بەشێوەیەکی دیکە سەرقاڵیبوون ئەویش ئەزمونی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان بوو، کە بۆخۆم لەئەزمونی عێراقی بەگرنگتری دبینم، رەنگە دوو کەسیش لەسەر ئەوەی ناکۆک نەبن کە چەند بەشداری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی سەددام گرنگبوو، هێندە و زیاتریش وبگرە ئەزمونی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان گرنگترە، چونکە ئەمەیان بەردی بناغەیە بۆ سەربەخۆبوون و بەرو دروستبوونی کیانێکی سەربەخۆی کوردی.

جگە لەوەی کە گرنگ ئەوەیە لەگەڵ ئەو هەموو شێوازە هەڵە و چەوتەی کە حزبە دەسەڵاتدارەکان و تەنانەت حزب و کیانە سیاسیەکانی تر پێی بەشداری هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە دەکەن، بەڵام رۆڵی گەورە میللەت دەیبینێت، دەبێت میللەت دەنگی بەرزبکاتەوە لەهەموو کاتێک زیاتر.

سەردەمی رژێمی بەعس و حوکمرانی سەددام حسێن رێگەی نەدەدا و نەیدەوێرا ئەو هەلە بداتە دەست گەلی عێراق و پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی ئازاد بەرێوەبچێت لەترسی ئەوەی سنوری رک و کینی پەنگخواردووی ناو دڵی عیراقیەکان بزانێت. بەڵام ئەمڕۆ لە کوردستان ئەو هەلە رەخساوە، رەنگە گەلی کورد ئیستا لە جاران بوێرانەتر و ئازادانەتر و بەتواناتر بتوانێت ئەو مافە گەورەیە بەرجەستە بکات، کە ئەویش مافی دەنگدان و هەڵبژاردنی نوێنەری خۆیانە بۆ ناو پەرلەمانی کوردستان.

لەگەڵ ئەوەی کەسانێکی زۆر تێبینی و رەخنەیان لە شێوازی دابەزینی لیستەکان و سیستەمی هەڵبژاردنەکان کە بەلیستی داخراو بەرێوە دەچێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشداریکردنی فراوان و زۆرینە کانسی چارەنوسسازی گەورەتر دەداتە دەست گەلی کوردبۆ ئەوەی دەسەڵات لەدەست حزب بسەنێتەوە و لەناو خۆیەوە بتوانێت مومارەسەی پرۆسەی دیموکراسی بکات کە هیوا و ئامانجی سەرەکی میللەتی کوردە لەهەموو ئەزمونەکان.

بەشداری نەکردن بەرپرسیاری دەخاتە ژێر پرسیارێکی گەورەوە، چونکە لەکاتی بەشداری نەکردندا بۆمان نیە لەبارەی هیچ ئاکامێکەوە بپرسین کە دەستمان تیا نەبووە، بەڵام کەتۆ ئازادانە مافیس خۆت بەرجەستەکرد لە هەڵبژاردنی کاندیدی خۆت، ئەتوانیت هەر بەو دەنگە موحاسەبە و لێپێچینەوە لە هەموو خراپە و پێشێلکاری و کەمتەرخەمیەک بکەیت.

## گەنجانی کفری بۆ مەلەکردن دەرۆنە چەم

# مەلەوانگەکەی کفری یەک دلۆپ ئاوی تێدا نیە

**زەنگ– کفری– قادرسابیر:**

لەبەر خزمەت نەکردنی هەردوو مەلەوانگەکەی کفری، گەنجانی شارەکە پەنا دەبەنە بەر چەم و دەست بەمەلەکردن دەکەن ، لەرووی تەندروستیشەوە کاریگەری باشی نابێت لەسەر گەنجان .

سەرۆکی یانەی کفری بوونی ئەو دوومەلەوانگەی لە شارەکەدا لە ئەستۆی یانەکەیان دەگرێت، باس لەوەش دەکات بەهۆی کەش و هەوایی ناوچەکەوە نەیانتواتیوە ئەو کێشەی ئەو مەلوانگانە چارەسەر بکەن.

رەحیم سەعید سەرۆکی یانەی کفری ئاماژە بۆ ئەوەکرد کەش و هەوای ناوچەی گەرمیان پێویست بەوە ئەکات کە مەلەوانگەیەکی داخراو هەبێت لە شارەکەدا وەکو خۆیشی وتی:" کاتی خۆی مەلەوانگا کراوە و هیچ سوودێکی ئەوتۆی لێ نابینین رەنگە وەکو دابینکردنی ئاو چارەسەر بکرێت بەڵام لە هەوڵی ئەوەشدا دەبین کە سیاجێکی داخراوی بۆ بکەین".

دلێر ساڵح جلی پۆلیسی دارستانی لەبەربوو چاودێری دارەکانی دەکرد دەڵێت:" ئەگەر ئاویش هەبێت ئاوی دارەکان دەدەم".

دلێر ئاماژەبۆئەوەکرد نەبوونی ئاو لە ناو مەلەوانگەکە وایکردووە گەنجان روو لەم مەلەوانگانە نەکات ناچار لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاریبۆ مەلەوانگەکان گەنجان توشی کێشە ئەبن رۆژانە ئەچنە چەم ئەو پۆلیسە وتیشی:" تائێستا یانەی وەرزشی کفری چارەسەری ئەم مەلەوانگەی نەکردوە، نەشهاتوونەتە ئێرە تابزانن چێ پێویستە تا گەنجان نەچن بۆ چەم ".

شاخەوان عەدنان خوێندکاری کۆلیژی خانەقین یەکێک بوو لەو گەنجانە لەپارکەکەی کفری دانیشتبووە سەرقاڵی خوێندنەوەی وانەکەی بوو سەبارەت بە مەلەوانگاکە وتی:" بۆ مەلە کردن لە کفری شوینێک نیە، ئەو بۆ پارکەکە ئاو نیە ئێستا بۆ ئەم مەلەوانگایە ئاو دابین هەر ناکەن".

شەهرام ئیبراهیم گەنجێکی ترە بە هۆی نەبوونی مەلەوانگەوە لە شارەکەدا سەردانی چەمی کفری ئەکات ئەو گەنجە وتی:" دیارە هەر لە زووە وە کفری پەراوێزخراوە باشترین بەڵگەشە ئەو مەلەوانگەیەیە کە کەسی تێناچێت لەکاتێدا چارەسەرکردنی زۆر ئاسانە، بەڵام دەیان گەنجان بەهۆی بێ مەلەوانگاوە دەچنە دەرەوە بۆ ئەوەی ئاسوودەیەک بۆ خۆیان ببەخشن ولەرووی تەندروستیشەوە کاریگەری باشی نیە بۆ گەنجان".



مەلەوانگەیەکی بێ ئاو

کفری لەهەموو شتێک پشتگۆی خراوە نەک هەر مەلەوانگە و کەس هیچی بۆ نەکردوە و حکومەتیش لای ناکاتەوە تا بزانی کەموکورتیەکانی چیە ئەمە سەرەتای وتەی محەمەد حەبیب و ئاماژەی بۆئەوەکرد ئێمە زۆر شتی لەو گەورەترمان بۆ نەکراوە و کەسیشی چارەسەرێکی باشی پێنیە بۆ ئەم مەلەوانگەیە.

سەبارەت بەمەلەوانگاکە محەمەد وتیشی:" ئەگەر ئەو مەلەوانگایە بکرێتەوە پێم وایە لەلایەن تەندروستیشەوە شتێکی باشە چونکە باشترین وەرزشە مەلەکردن، لەورۆژەوەی ئەو مەلەوانگەیە دروست بووە دلۆپێک ئاوی تێدا نیە وابزانم بە رۆژوە مەلەوانگەکە ".

# زیاد لە ٨٠ خوێندکاری کورد کە لە زانکۆی بەغداد وەرگیراون بەشداری هەڵبژاردن ناکەن

**زەنگ – هەردی جەمال:**

زیاد لە ٨٠ خوێندکاری کوردی سەرجەم شاروشارۆچکەکانی کوردستان کە ئەمساڵ لە زانکۆی بەغداد وەرگیراون ئێستا بەڵێنیان داوە تانە گویزرێنەوە بۆ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەشداری هەڵبژاردن نەکەن.

چەند خوێندکارێکی کورد لە زانکۆی بەغداد دەڵێن:" ئێمە لەئەمساڵی خوێندن بەهۆی ئەوەی کە نمرەکانمان کەم بوو لە هیچ زانکۆیەکی هەرێمی کوردستان وەرنەگیراین، بۆیە ناچار چوینە زانکۆی بەغداد بۆ ئەوەی ساڵێکی خوێندنمان بەفیرۆنەچێت ودەستمان کرد بەخوێندن لەسەرجەم بەشەکان و ئێستا حاڵمان زۆر خراپە لەگەڵ بەشی ناوخۆیی نەئاومان هەیە نە کارەبا نە دەرماڵیەکمان هەیە کەخۆمان پێ ببەینە رێوە، چەندینم جار داوای ئەوەمان کردووە کە دەرماڵەیەکمان بۆ ببرێتەوە هەر بەڵێن دراوە ئەگینا جێ بەجێ نەکراوە بۆیە ئێمە وەکو خوێندکارە کوردەکان بەڵێنی ئەوەمان داوا تا نەمان گوێزنەوە بۆ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمان نەکەین تا رێگا چارەیەکمان بۆ نەدۆزرێتەوە".

ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد ئێستا دەنگۆی ئەوە لەئارادایە ئەو خوێندکارانەی کەدایک وباوکیان نیە و ئەو خوێندکارانەی کەپرۆسەی هاوسەرگیریان ئەنجامداوە لە زانکۆی بەغداد دەخوێنن دەبێت بگوێزرینەوە بۆ هەرێمی کوردستان ئێمەش مافی خۆمان کە داوای گواستنەوە بکەین ئەگینا درێژە بەخوێندنەکەمان ناتوانین بدەین بۆیە داواکارین لە پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی لەبارەوە بکات .